# مسوڵمان ئەگەر سەردانی برای مسوڵمانی بکات ئەوا لە خورفەیەکی بەهەشتدایە هەتاوەکو دەگەڕێتەوە

لە سەوبانەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «مسوڵمان ئەگەر سەردانی برای مسوڵمانی بکات ئەوا لە خورفەیەکی بەهەشتدایە هەتاوەکو دەگەڕێتەوە» ووترا: ئەی پێغەمبەری خودا خورفە چییە لە بەهەشتدا؟ فەرمووی: «باخی میوەکان».

[صەحیحە] [موسلیم گێڕاویەتیەوە]

شیکردنەوەی فەرموودەکە: (مسوڵمان ئەگەر سەردانی برای مسوڵمانی بکات ئەوا لە خورفەیەکی بەهەشتدایە هەتاوەکو دەگەڕێتەوە، ووترا: ئەی پێغەمبەری خودا خورفە چییە لە بەهەشتدا؟ فەرمووی: باخی میوەکان): واتا ئەو بەردەوام لە میوەکانی بەهەشت دەکاتەوە لە ماوەی دانیشتنی لەگەڵ ئەو نەخۆشەدا، ئەوەی پاداشتەی سەردانیکاری نەخۆش دەستی دەکەوێت چواندی بە ئەو کەسەی بەرهەمی میوەی باخەکانی دەستدەکەوێت، ووتراوە: مەبەست لێرەدایە ڕێگایە، واتا ئەو کەسەی سەردانی نەخۆش دەکات لە ڕێگایەدا دەڕوات کە بەرەو بەهەشت دەیبات، وڕاڤەی یەکەم لە پێشترە. ودانیشتن لە لای نەخۆش جیاوازە بە پێی حاڵەتەکان وکەسەکان، لەوەیە دانیشتن لە لای نەخۆش داواکراو بێت، ولەوەیە داواکراو نەبێت، ئەگەر زانرا کە نەخۆش ئاسوودەیە بە مانەوەی ئەم کەسە لە لای؛ وپێی خۆشە ماوەیەکی زیاتر بمێنێتەوە ئەوا باشتر وایە زیاتر لە لای بمێنێتەوە، وهەروەها بە پێچەوانەشەوە.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/5647